# پەلە بکەن لە ئەنجامدانی نوێژی ویتر پێش (کاتی بانگدان بۆ) نوێژی بەیانی

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پەلە بکەن لە (ئەنجامدانی نوێژی ویتر پێش (ئەوەی کاتی بانگدان بۆ) نوێژی بەیانی (بێت».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرمودەکە: سونەتە نوێژی ویتر دوابخرێت بۆ کۆتایی شەو، بەڵام پێویستە ئەو کەسەی دوایەخات بۆ کۆتایی شەو ڕەچاوی ئەوە بکات کە لە پێش بانگدان بۆ نوێژی بەیانی؛ نوێژی ویتر ئەنجامبدات، چونکە کۆتا کاتی ئەنجامدانی شەو نوێژ پێش دەرچوونی ئاسۆی بەیانە (پێش بانگدانە بۆ نوێژی بەیانی)، ئەگەر ئاسۆی بەیان دەرکەوت وبانگ درا ونوێژی ویتری نەکردبوو ئەوا فەزڵ وپاداشتی ئەنجامدانی نوێژی ویتری لە دەستی خۆی داوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3655